ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# هێرشێکی رامبۆیانەی ( جەنگیز )ی ئەمەریکی بۆ سەر گەڕەکی سەیداوە لە هەولێر

٢٠٠٤/١/٥

پاش سەعات ١٢ ی شەوی ٥/٤ ی کانوونی یەکەم (٢٠٠٥) هەواڵێك بۆ هێزە ئەمەریکییەکان چووبوو گوایە "تیرۆریستێك" لەو گەڕەکە حەشاردراوە، هێزە ئەمەریکییەکان وەك نەریتی بەردەوامیان لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی عیراق هەمان کاریان لە هەولێر کرد. هێزەکان شەقامەکانیان گرت و ڕێگەی هاتوچۆیان بڕی. کۆپتەرە ئەمەریکییەکان بە یارمەتیی فڕۆکەی جەنگی دەستیان کرد بە تەقەکردن لە گەڕەکەکە ، هەروەها مووشەکێکیان گرتە بەشی ناوخۆی (خەیرولڵا) کە نزیکەی سەدو سی قوتابیی زانکۆی تێدایەو ژمارەیەك قوتابییان بە سەختی بریندار کرد ، هەروەها ئافرەتێکیان بریندار کرد کە لەسەیارەیەکی کرێدا بوو، رامبۆکانی ئەمەریکا کە ئەو "تیرۆریستە"یان بۆ نەگیرا (ئەگەر ئەسڵەن کەسی وا هەبووبێت) دەستیان کرد بە تەقەکردن بەناو گەڕەکەکە. کاتێکیش هێزی پۆلیسی کورد گەشتنە شوێنی ڕووداوەکە رامبۆکان نەیانهێشت نزیك بکەونەوە. ئەم کردەوەیە بووە جێگەی ناڕەزایی تێکڕای خەڵکی هەولێرو وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر ئەو کردەوەیەی ئیدانە کردو ئەمەریکای بەرپرسیار کرد لە دووبارەبوونەوەی هەر کردەوەیەکی لەو جۆرە. (هەواڵەکە لە تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤیی پارتی وەرگیراوە).

## تەعلیق:

١-ئەم کردەوەیە بۆ کوردی دەسەلمێنێت کە ئەمەریکییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ عیراقییەکان لەناوەڕاست و باشووردا دەکەن. ئەگەر کوردیش کە گوایە هاوپەیمانی کوردەو هەموو کەس دەزانێت کە توانیویەتی هێمنیی ناوچەکەی خۆی بپارێزێت بەو جۆرە رامبۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەی دەبێت حاڵی عەرەبی ناوەڕاست و باشوور چۆن بێت کە بەرگری دەکەن و لە ئەمەریکییەکان دەکوژن؟

٢-ئەم کردەوەیە ئەوەشی سەلماند کە لە هەر کوێیەك هێزی ئەمەریکی هەبن ئەو شوێنە وێرانی و کاولی بەخۆیەوە دەبینێت و هاوشێوەی جەنگیزخانن. بزانە بۆ یەك کەس چۆن ئەو شوێنەیان وێران کرد. باشە ئەگەر لەجیاتی یەك کەس هەفتانە چەند کەسێکی وا پەیدا بوونایە ئەو رامبۆیانە کوردستانیان دەکردە چۆن وێرانەیەك. ئەوەشی بە ئینسافە ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەگەر موقاوەمەی عیراقی یەك بینا وێران بکات ئەو شێتانە گەڕەکێك وێران دەکەن. بەڕاستی ئەمانە نەك تەنها نەوەی جەنگیزخانن بەڵکو شێت و هێت و بێ عەقڵن بۆیان لامان سەیر نەبێت ئەگەر عیراقییەکان نایانەوێن و لێیان دەکوژن، هەروەها لامان سەیر نەبێت کە ئەمانە بە چاوی ڕقەوە نەك تەنها لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەڵکو هەروەها لەلایەن خەڵکێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای باشوور.

٣- پێویستە ئەم کردەوەیە کورد لەو خەوی غەفڵەتە بێدار بکاتەوە کە گوایە ئەمەریکا ڕێزی کورد دەگرێت چونکە ئەوانە بەسەرۆکەکەیانەوە بەشێوەی فلمەکانی هۆلیوود رەفتار دەکەن و وەکو ئەو گۆریلالایانەی لەشکڵی مرۆڤن کە بەردەوام فلمەکانیان پیشانی خەڵکی خۆیان و جیهانیان دەدەن کە لە ((بکوژەو ببڕە)) زمانێکی تر نازانن، بێگومان لەگەڵ زمانێکی پیس و بێ ئەدەب و بەردەوام وشەی (فەك) لەسەر زمانیانە بۆیە ڕێزو حورمەتیان بۆ کەس نییەو بەڕاستی کۆمەڵە هەمەجێکن پێویستیان بەیەکێکە بیناکاتە کەسێك بە ئەدەب و شارستانی.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

٤-لەکۆتاییشداو هەرچەندە تەواو لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی بەهەر دوو لایەوە ناکۆکین بەڵام ئەو هەقەش بە دەسەڵاتی پارتی دەدەین کە هەڵوێستەکەیان لە ئاست ئەو کردوەیە نەرم نەبوو چ لە راگەیاندنی حکومەتی و چ لە راگەیاندن و ئەو کاردانەوەیە بە هەڵوێستێکی مەردانە دەزانین و ئەوەش دەخەینە پێش چاوی خۆمان کە کەسمان هەیە ئەگەر شتی وای لێ رووبدات دەست دەکاتە پاساوهێنانەوە بۆ نەوەکانی جەنگیزخان و ئەگەر توند قسە بکات ئەوپەڕەکەی گلەییەکی دۆستانە دەکات و هەموو قسەی بۆ کورد ئەوە دەبێت کە ((رێوشوێن گیراوەتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە))، ئیتر کەرامەتی کورد گرنگ نییەو بەساقەی گونی بارگیری سەرۆك بوش بێت چونکە گرنگ ئەوەیە زەردەخەنەی رەزامەندیی بارگیرەکەی سەرۆك بوش نەدۆڕێنین. هیواداریین دەسەڵات لەو هەڵوێستەی باسمان کرد نەیەتە خوارترو نەرمی نەنوێنێت و بە قسەی لووسی چەند ئەمەریکییەك لەو شێتانە ورياترو شەيتانتر دەست نەداتە پاساو هێنانەوە.

٥- هەروەها لەم شوێنەوە بەگونجاوی دەزانین ناوی گونجاو لە ئەمەریکییەکان بنێین وەك چۆن عەرەبی عیراق کاتی خۆی بە ئینگلیزیان دەوت (ئەبو ناجی) کە پێدەچێت نازناوێکە نە ستایشی تێدایەو نە زەمکردن، لەبەر ئەوەش کە رەفتاری ئینگلیز جیاوازە لەوەی ئەمەریکییەکان پێمان باشە نازناوێکی واتادارتر بۆ سەربازی ئەمەریکی بەکاربهێنین ئەویش (جەنگیز)، ئەم ناونانەو بڵاوکردنەوەی کەمترین شتە هەقی ئەو گەڕەکەی هەولێرو ئەو سەدو سی قوتابییەی زانکۆ کە لە شەوی ئەمینی هەولێردا بۆردومان کران. با قسەکانی نووسەری جوولەکەی دوژمن بە زایۆنیزم (ئەلفرێد لیلینتاڵ) بزانین کە باسی نەخۆشیی ناولێنان دەکات کە لە ئەمەریکادا هەیەو بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی دۆستان و ناشیرین کردنی نەیاران و ئەمجارە ئەمە لەگەڵیاندا بەکار بهێنین.. بۆ رۆڵەکانمان و هاونیشتمانەکانمان لە هەولێر ئەمەمان بۆ بکرێت بەسە.

ZAGROS WEBSITE